کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-4-2007 20:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەولێر ناکرێ بە دوبەی، بەڵام دەشتی قەراج دەبێ بە بیابان! ... شۆڕش حاجی

زۆر جار لە میدیاکانی کوردستانەوە گوێمان لە هەندێک لە گەورە لێپرساوەکانی کوردستان دەبێ بە شانازییەوە دەڵێن شاری هەولێر دەکەین بە دوبەی. ئەگەر ئەوانەی وا دەڵێن بە قەناعەتەوە پێیان وابێ کە هەولێر دەکەن بە دوبەی، ئەوا نیشانەیەکی خراپو زەنگێکی ترسناکە بۆ دوارۆژی خەڵکی کوردستانی عێراق، چونکە ئەوەی لە دنیای ئەم سەردەمەو، مێژوو، جوگرافیاو، سیستمی نێودەوڵەتیو، ئیدارەی دەوڵەت بزانێ بۆی دەردەکەوێ کە ئەم تەسریحاتو حەزو ئارەزووانە لە بازنەی خەیاڵ تێناپەڕن. دەکرێ بازرگانێک یان قۆنتەراتچییەک ئەو حەزو ئارەزووەی هەبێو پێی وابێ قازانجی کردنەوەی سوپەر مارکێتێک یان دروستکردنی هۆتێلێکی چەند نهۆمی لە هەولێر هێندەی ئەوەیە کە بازرگانێکی دوبەی لە کارێکی بازرگانیدا دەستی دەکەوێ. بەڵام ئەگەر ئەو قسانە لە لایەن کەسانێکەوە بکرێن کە لە ترۆپکی دەسەڵاتدانو دارێژەری نەخشەو پلانی دوارۆژی کوردستانن، ئەو کاتە ئەم بۆچوونە دەبێتە کارەسات.

کوردستانو دوبەی دوو شتی زۆر لەیەک جیاوازن. ئەو دوو شوێنە لە هەموو ڕووێکەوە جیاوازی بنەڕەتییان هەیەو ئاسۆی گەشەکردنو دوارۆژی هەر یەکەیان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو شوێنەوە بەستراوەتەوە. هەولێرو کوردستان خاکێکی فراوانو سەرچاوەی ئاوی زۆریان هەیە، بۆیە دەبێ بە ئاقارێکدا گەشە بکا کە ئەم دوو فاکتەرە ئاسۆکەی دیاری بکەن. بەڵام دوبەی، کە نە خاکی فراوانو نە ئاوی پاکی هەیە بەڵام خاوەن سەرچاوەیەکی نەوتی یەکجار گەورەیە، دەبێ بە ئاقارێکی تردا گەشە بکا کە لەگەڵ ئەو سەرچاوە سروشتییەدا گونجاو بێت. هەر کەسێکیش بیر لەوە بکاتەوە کە هەولێر بکا بە دوبەی، ئەوە (لەگەڵ ڕێزماندا) وەک ئەو قەلە وایە کە دەیەوێ لە ڕۆیشتندا لاسایی کەو بکاتەوە، لە کۆتاییدا ڕۆیشتنی خۆی لەبیر دەچێتەوەو هی کەویش فێر نابێ!

نەخشەو کاری لەو جۆرە پێویستە لەسەر بنچینەیەکی ئابووریی دروستو نەخشەیەکی ستراتیجی دارێژرێ بۆ ئەوەی وەک حەزو ئارەزوو نەمێنێتەوە. بەداخەوە، ئەمرۆ لە کوردستاندا هیچ ستراتیجێکی بەرزی نەتەوەیيو ئابووری وەها بەدی ناکرێ کە وامان لێبکات ئێمەش بچینە سەر قەناعەتی ئەو بەرێزانە!

هەولێرو دوبەی

ئەو کەسانەی پێیان وایە بە دروستکردنی چەند باڵەخانەو کردنەوەی چەند سوپەر مارکێتو هۆتێلێک لە شاری هەولێردا ئەو شارە بەرەو ئەوە دەڕوا کە ببێ بە دوبەیەکی تر لە ناوچەکە، بەهەڵەدا چوونو لە پرۆسەی گەشەکردنو پێشخستنی ووڵاتو کۆمەڵگا تێنەگەیشتوون.

دوبەی تەنیا بە حەزو ئارەزووی چەند کەسێک نەبووە بەو دوبەیەی ئێستا، بەڵکو کۆمەڵێک خاسڵەتو تایبەتمەندی هەیە کە گەیاندویەتیە ئەم حاڵەتەی ئەمرۆ.

یەکەم: دوبەی پایتەختی ئیمارەتێکە، کە بەشێکە لە ووڵاتێکی سەربەخۆ. دەوڵەتی ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی لە حەوت ئیمارەت پێکهاتووە، کە دوبەی یەکێکیانە. ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی لە 1971/12/2 وە بە ڕەسمی سەربەخۆیی وەرگرتووەو، ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەو، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بەرەسمی وەک دەوڵەتێکی خاوەن سیادە ناسیویەتی.

دووەم: دراوسێکانی ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی بریتین لە سەلتەنەتی عومان و شانشینی عەرەبستانی سعودی، کە هەردوکیان دەوڵەتی عەرەبیینو لەگەل ئەودا ئەندامی مەجلیسی هاوکاری عەرەبیین لە کەنداودا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سێیەم: لایەکەی تری ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی لەسەر دەریایەو، هێنان و ناردنی کاڵاو هاتوچۆی خەڵک تیایدا ئازادەو لەلایەن هیچ لایەنو وولاتێکەوە کۆنترۆڵ نەکراوە.
چوارەم: هەڵکەوتی جوگرافیی دوبەی، کە لە نێوان ڕێگای دەریایی وولاتانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناوەراستە، فاکتەرێکی ترە بۆ ئەوەی دوبەی ببێ بە ناوەندێکی بازرگانی لە نێوان ئەو وولاتانەدا. ئەو هەڵکەوتە جوگرافیاییەی یارمەتی ئەوەشی داوە کە ببێ بە پردی بەستنەوەی ئەوروپا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستو خوراوی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.
پێنجەم: داهاتی نەوتی ئەو وولاتە لەچاو ژمارەی دانیشتوانی ئیمارەتەکەدا هێندە زۆرە کە دەکرێ ژێرخانێکی ئابووری پتەوی پێ دابمەزرێو ئیستقراری ئابووریش لەو وولاتەدا دابین ببێ. ئیمارات ڕۆژانە 2396000 بەرمیل نەوت بە دنیا دەفرۆشێو داهاتی ساڵانەی ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی بریتیە لە سەدو سیو حەوت ملیار دۆلار 137000000 . بەمەش داهاتی ساڵانەی هەر تاکە کەسێک لەوێ دەگاتە چلو نۆ هەزارو حەوت سەد دۆلار49700
شەشەم: رووبەری زەوی ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی زۆر کەمە. هەروەها سروشتی خاکەکەی، کە بیابانێکی ووشکە، بە جۆرێکە کە ناتوانرێ لە رووی کشتوکاڵییەوە هیچ جۆرە سوودێکی لێ وەرگیرێ. تەنانەت هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی پاکی خواردنەوە لەو وولاتەدا نیە.
حەوتەم: ژمارەی دانیشتوانی ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی 2، 602، 713 کەسە، کە تەنیا 19% ئەوانە خەڵکی ئەو ولاتەن. 1
ئەوەی کەمێک بەراوردی ئەو تایبەتمەندییانەی دوبەی بکات لەگەڵ هی کوردستان بۆی دەردەکەوێ کە هیچ ڕوویەکی لەیەکچوونو بەراورد لە نێوان هەولێرو دوبەی دا نییە تاکو بیر لەوە بکرێتەوە هەولێر بکرێ بە دوبەیەکی تر. هەر بۆیەشە ئەگەر کاربەدەستانی کورد بە ڕاستی بیر لەوە بکەنەوە یاخود نیازیان وابێ کە لە هەولێردا لاسایی دوبەی بکەنەوە، ئەوا نەک هەر تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبن بەڵکو دوارۆژی ئەو بەشەی کوردستانیش لە ڕووی ئابووریو گەشەکردنەوە توشی کارەسات دەکەن. بە پێچەوانەوە دەبێ لێپرساوەکانی کوردستان بیر لە نەخشەیەکی ستراتیجی ئەوتۆ بکەنەوە بۆ دوارۆژی کوردستان کە لەگەڵ خاسڵەتیو تایبەتمەندییەکانی ئەو بەشەی کوردستان بگونجێو، لە سایەیدا دوارۆژێکی ئاسوودە بۆ خەلکی کوردستان دابین بکرێ.
لەکەس شاراوە نیە کە داهاتی سەرەکی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو چەند ملیار دۆلارە کەمەیە کە لە بەغداوە دەدرێ بە کوردستان. هەروەها دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت کە هەولێرو هەموو کوردستانی عێراق، بە پێچەوانەی دوبەی، لە هەرچوار لاوە بە دوژمنی ستراتیجی نەتەوەی کورد ئابلۆقە دراون. بۆیە ڕێگاچارەی ژیرانە ئەوەیە بیر لەو هەلومەرجانە بکەینەوە کە لەبەردەستدانو دەتوانین سوودیان لێوەرگرین.
هەر گەلو کۆمەڵو سیستەمێکی بەرێوەبردن لە دنیادا ئەگەر ستراتیژێکی روونی نەبێ، ئەوا لە کاروبارەکانیدا سەرکەوتوو نابێو ناتوانێ خۆی لە مەترسی ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکاندا بپارێزێ.
نەخشەی ستراتیجی: ڕوهر
ستراتیج بە پێی پێناسەی زانستی بریتیە لە نەخشەیەکی کاری درێژخایەن و هەمە لایەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. بەو پێیە نەخشەی ستراتیجی پرۆسەی دانان و جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە،

[1]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکە لەخۆ دەگرێ. هەموو ستراتیجێکی سەرکەوتوو دەبێ لە چوار هەنگاوی سەرەکی پێک بێ. هەنگاوەکان بریتین لە:
یەکەم: شیکردنەوەی بارودۆخەکە. دەبێ هەموو هەلومەرجەکان رەچاوبکرێنو، پێداویستیەکان تاوتوێ بکرێنو، سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە ووردی هەڵسەنگێنرێن. دەبێ خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پرۆسەکە دیاری بکرێنو بە باشی دەرک بە هەڕەشەکانو هۆکارە یارمەتیدەرەکان بکرێت.
دووەم: بەرچاوروونی لە دیاریکردنی ئامانجدا. پێویستە ئامانجەکان روونو دیار بن. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە، کە ئامانجەکان دەبێ مەعقول و قابیلی بەدەستهێنان بن، نەک ئامانجێک دیاری بکرێت کە لە تواناد نەبێو نەیەتە دی.
سێیەم: دابینکردنی پێداویستیەکان. پێویستە زۆر بە ووردی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی نەخشە ستراتیجیەکە دەستنیشان بکرێن، ئینجا نەخشە بۆ دابینکردنیان دانرێ. ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی نەخشەی ستراتیجی. دیارە هیچ روداوێک لەخۆوە روونادات و هەموو کارێک بەشێکە لە پرۆسەیەکی هەمە لایەنە. هەر بۆیە دەبێ هەمو لایەنەکانی ئەو پرۆسەیە تاوتوێ بکرێو حیساب بۆ هەمو ئەگەرەکان بکرێ.
چوارەم: جێبەجێکردن و، چاودێری و گونجاندنی نەخشە ستراتیجییەکە. ئەم بەشەیان پێویستی بە چاوی تیژ و وورەی بەرزو ئامادەیی هەیە لە پێناوی گۆڕان و گونجان لەگەڵ پێشهاتەکان.
ستراتیجی باش ئەوەیە کە بتوانێ ئامانجەکانی بە ئاسانی بێنێتە دی و لەگەڵ هەلومەرجە ناوخۆیی و بابەتیەکاندا بگونجێت. یتیگێ هەروەها ستراتیجی باش بەوە دەوترێ کە بتوانێ لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا خۆی بگونجێنێ و هەرکاتێک گۆڕانێکی چاوەروان نەکراو هاتە پێشەوە یەکسەر بتوانێ تەعامولێکی گونجاو و سەرکەوتوی لەگەڵدابکات. دەبێ ئەو ستراتیجە هێندە هەمەلایەن و چڕوپڕ بێت کە هەموو شتێکی لێکدابێتەوە و وەڵامی بۆ هەموو ئەگەرەکان دانابێ. کۆمەڵە ستراتیجێکی جیا، بەیەکەوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و ئیدارەو ئاسایشدا ستراتیجی باڵای نەتەوە یان دەوڵەت پێک دێنن.
ستراتیجی باڵای نەتەوە بریتیە لە ئامانجە دوورەکانی ئەو نەتەوەیەو نەخشەی کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی گەیشتن پێیان، لە پێناوی دوارۆژێکی بەختیار بۆ نەوەکانی داهاتوو. بە هەمان شێوە ستراتیجی باڵای دەوڵەت بریتیە لە دەستنیشانکردنی ئامانجە دوورەکانی ئەو یەکەی حوکم و دەسەڵاتە لە سنورێکی دیاریکراودا، لەگەڵ تاوتوێکردنی هەلومەرجە ناوخۆیی و بابەتیەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە، لەپێناوی پتەوکردن و بەرەوپێشبردنی دەوڵەتەکە.
لەبەر رۆشنایی ئەم بۆچوونە ئەگەر سەیری ژێرخانی ئابووری کوردستانی عێراق بکەینو گوێبیستی نەخشەو پلانی حکومەتی هەرێم بیت و بە چاوێکی بابەتییانە هەلومەرجەکە هەڵسەنگێنرێ، هیچ جۆرە ستراتیجێکی ئابووری سەرکەوتوو بەدیناکرێ، کە لەگەڵ هەلومەرجو تایبەتمەندییەکانی کوردستان بگونجێت. نمونەی ئەم باسەمان شاری هەولێرو دەورووپشتەکەیەتی.
تایبەتمەندیی هەولێر
شاری هەولێر یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە لە سێ لاوە بە فراوانترین زەوی تەختی کشتوکاڵیی دەوری دراوە. ئەو زەویانەش یەکێکن لە بەپیتوبەرەکەتترین خاکی کوردستانی عێراق. دەشتی قەراجو مرکییەو شەمامکو کەندیناوە چەند نمونەیەکی ئەو پێدەشتە بە پیتو بەرەکەتو کاکیبەکاکییانەی نزیکی شاری هەولێرن، کە دەکرێ بکرێن بە گەورەترین مەڵبەندی کشتوکاڵیو مەڕداری لە رۆژهەڵاتی
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناوەراستدا. بێگومان دەشتی ساڵەییو دەشتی کۆیەو بەرانەتیش هەر دەکرێ لە رووی ستراتیجیییەوە بە ئاقاری هەولێر لەقەڵەم بدرێن.

سەرەرای ئەوە، شاری هەولێرو ئەو دەشتانەی باسکران کەوتونەتە نێوان گەورەترین دوو روباری ئاوی شیرینەوە کە بریتین لە زێی گەورە (زێی بادینان) و زێی بچوک. ئەو دوو زێیە بێجگە لە دیجلەو فورات، گەورەترین روباری ئەو ناوچەیەن.

ئەو تایبەتمەندیی و سەرچاوە سروشتییانەی هەولێر دەبێ هانی کاربەدەستو نەخشەدانەرانی کوردستان بدات نەخشەیەکی ستراتیجی کشتوکاڵیی وەها دارێژن، کە بەهۆی ئەوەوە ئەو بەشەی کوردستان نەک تەنیا ئیکتیفای زاتی لە خۆراک و بژێوی دابین بکات، بەڵکو لەرووی بەروبوومی کشتوکاڵییو مەڕدارییەوە بارتەقای سەنگی بازرگانیی دوبەی کاریگەری لە ناوچەکەدا هەبێ.

بەداخەوە، لەبری ئەوە دەبینین دەیان هەزار جوتیاری ئەو ناوچانە گوندو ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشتووەو روویان لەشاری هەولێر کردووە. بەمەش لەبری ئەوەی وەک چینێکی بەرهەمهێنەری ئەم کۆمەڵگایە کار بکەن، بوون بە چینێکی بێ بەرهەمی جێگر! ئەو دەشتو خاکو گوندانەش لە بری ئەوەی هەموو جۆرە بەرووبومێکی کشتوکاڵییان لێ بەرهەم بهێنرێ بوون بە بیابانێکی بێ سوود.

راستە کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو جوتیارانە لەسەردەمی رژێمی بەعسداو لە ئەنجامی سیاسەتی چۆڵکردنو وێرانکردنی ناوچە گوندنشینەکان لە پێش ئەنفالو کاتی ئەنفالدا گوندەکانیان بەجێهێشتووە، بەڵام لەدوای رووخانی رژێمی ێەدامەوە دەبوو ئەو جوتیارانە هان بدرانایە تاکو بگەڕێنەوە گوندەکانیانو لەوێ پێداویستی ژیانیان بۆ دابین بکرایەو کارئاسانییان بۆ دەستکردنەوە بە کاری کشتوکاڵیی بۆ بکرایە. بە پێچەوانەوە زۆربەی ئەو جوتیارانە لە دامودەزگا حیزبی و حکومییەکاندا کراون بە موچەخۆری بێ بەرهەم. بەمەش رۆژ بەرۆژ دەشتی قەراجو دەشتەکانی تریش فەرامۆش دەکرێن. ئەوەی کە زۆر مایەی نیگەرانییە ئەوەیە، کە رەنگە وەچەی نوێی ئەو جوتیارانە لە دوارۆژدا ئامادە نەبن کاری کشتوکاڵیی بکەنو بۆیان ئەستەم بێ جارێکی تر لە گوندەکاندا ژیان بەرنەسەر، چونکە ئەوانە فێری جۆرە ژیانێکی تر بوون. خۆ ئەگەر ئامادەش بن، ئەوا رەنگە پیشەی باوو باپیرانیان نەزانن. بۆیە ناحەقمان نیە لەوە بترسێین کە هەولێر ناکرێ بە دوبەی، بەڵام دوور نیە دەشتی قەراج، وەک بیابانەکانی دوبەی، ببێ بە بیابان!

ئەم دیاردەیە لەلایەک مەترسی لەسەر ئاسایشی ئابووریو خۆراکو دوارۆژی کوردستان هەیە، لەلایەکی تریشەوە چەندین کێشەو گیروگرفتی خانوبەرەو جێگاوڕێگاو خزمەتگوزاری لە ناو شارەکان دروست کردووە. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەم دیاردەیە بووە بە هۆکارێکی گەندەڵی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتو حیزبەکاندا. بۆیە دەبێ زۆر بەجیدیو بەزوویی بیر لە رێگە چارەیەکی ئەم حاڵەتە ناسروشتیو ترسناکە بکرێتەوە. دەبێ بە هەر نرخێک بێت ئەو گوندو ناوچانە ئاوەدان بکرێنەوەو خەڵک هان بدرێن تاکو بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیانو ئەو سیاسەتەی کە حیزبی بەعس لە کوردستاندا پەیرەوی کرد هەڵبوەشێنرێتەوە.

ئەمنی خۆراکیی لە کوردستان

ئێستا زۆربەی هەرەزۆری بەروبوومی کشتوکاڵی، تەنانەت سەوزە و میوەش بۆ بازاڕەکانی کوردستانی عێراق لە وڵاتانی دراوسێی کوردستانەوە دەهێنرێن. ئەمەش وابەستەیییەکی زۆر ترسناکی بازاڕی کوردستانی عێراقە بە وڵاتە دراوسێکانەوە کە لە رووی ستراتیجیییەوە دوژمنی خەڵکی کوردستانن. ئەم حاڵەتە خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی زۆر راستەقینەیە بۆ سەر ئاسایشی بژێوی لە کوردستان، کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆڵەگەیەکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە. ئەمە لە کاتێکدا کە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانی عێراق گەر لە هی ئەو وڵاتانەی دراوسێمان باشتر نەبن، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە هی ئەوان کەمتر نین.

ئەم حاڵەتە ئێستا لە شارەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە دەیان هەزار خانوو، تەلارو، باڵەخانە بێ گوێدانە نەخشەیەکی ڕێکوپێکی شارستانییانە، دروست بکرێن. لەمەشدا دابینکردنی کەرەستەی خانوو دروستکردن و خزمەتگوزاری (وەک ئاوو کارەباو ڕێگاوبانو ئاوەڕۆ) بۆ گەڕەکە نوێیەکان و چاککردنەوەو ئیدارەی خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کۆنەکاندا بوە بە گرفتێکی گەورەی تر. لە ئەنجامدا دیسانەوە ئەم کەرتە گەورەیەی ئابووری (کەرتی بیناسازی و ڕێگاوبان) بە کۆمپانیا بیانییەکان و ڕژێمەکانی دراوسێمانەوە دەبەسترێنەوە. بەمەش یەکێک لە پایە گرنگەکانی تری مانەوەو گەشەکردنمان لەدەست دەدەین.

لەو وڵاتانەی کە کاروباری وڵاتو خەڵکەکەی لەسەر بنچینەی ڕاستو بەپێی نەخشەی ستراتیجی بەڕێوە دەچێ، حیسابی زۆر وورد بۆ مەسەلەی ئەمنی خۆراکو بژێوی خەڵکەکەیان دەکەن. بۆ نمونە، لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی دنیادا، کە کشتوکاڵ هیچ ڕێژەیەک لە داهاتی ئەو وڵاتانە دابین ناکات، بایەخ بە کشتوکاڵو بەرهەمی خۆ وولاتی هەر دەدەن. بۆ ئەوەی جوتیاری ئەو وڵاتانە واز لە پیشەکەیان نەهێنن، دەوڵەت پشتیوانی داراییان دەکاو زۆر جار بەروبوومەکانیان بە نرخێکی گران لێ دەکرێتەوە، یاخود پارەی زیاتریان دەداتێ تاکو بەروبوومەکانیان بە نرخێکی هەرزانتر لەو بەروبومانەی لە دەرەوە دەهێنرێن بە خەڵکی خۆیانی بفرۆشنەوە.

دەوڵەت دەبێ بە چاوێکی مەسئولانەو ووردەوە حساب بۆ هەموو کونجێکی ووڵاتەکەی بکات. زۆر جار لە هەندێ ووڵاتدا چەند گوندو شوێنێکی زۆر دوورە دەست هەن، کە بواری ئەوەیان نیە هیچ جۆرە پرۆژەیەکی کشتوکاڵیی یان پیشەسازی تێدا دابمەزرێ یان پشتیوانی لە کاری جوتیارەکان بکرێ. ئەو کاتە دەوڵەت بیر لە شتی تر دەکاتەوە بۆ ئەوەی داهاتێک بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە دابین بکاو خەڵکەکەی ناچار نەبن شوێنەکانی خۆیان بەجێ بهێڵنو ڕوو لە شوێنی تر بکەنو نائارامی دروست بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، لە هەندێ شوێن دەوڵەت هەڵساوە بە دروستکردنی ئۆردوگای سەربازیو کردنەوەی سەنتەری مەشق پێکردن. بەمەش دەیەوێ جموجۆڵێکی بازرگانی بکەوێتە ئەو شوێنانەوەو پارسەنگییەک لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هەمو دانیشتوانی ئەو وڵاتە دروست ببێ.

چی بکرێ؟

یەکێک لە ئەرکە هەنووکەییەکانی دەسەڵاتو لێپرسراوانی کوردستان دەبێ نەخشە دانان بێ بۆ هاندانو گێڕانەوەی جوتیارەکان بۆ گوندەکانیان. ئەمە بۆ دوارۆژی کوردستان مەسەلەیەکی مانو نەمانە. بەڵام ئەمە کاتێک دەبێ ئەنجام بدرێ کە پێداویستی ژیانو کارکردن بۆ گوندنشینەکان لە گوندو ناوچەکانیان دابین بکرێ. ئەرکی حکومەتی هەرێمە کە ئامێری کشتوکاڵی مۆدێرن بۆ گوندەکان دانێو تیمی ئامۆژگاریو سەرپەرشتی کشتوکاڵیی لە گوندەکاندا دابمەزرێنێ. کاتێکیش ئەوانە جێبەجێکران ئەوا گوندنشینەکان دەتوانن گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوەو ئابووری کشتوکاڵی، مەڕداری یان پیشەسازی سەرەتایی کشتوکاڵی لە گوند و کێڵگەکانیان دامەزرێنن و پتەوی بکەن.

ئەو نەخشەیەی باسکرا نە خەیاڵەو نە کارێکی مەحاڵیشە. بەپێچەوانەوە ئەو نەخشەیە چەند یەکی ئەو مەسرەفەی تێ ناچێ کە ئێستا بە هەڵە لە شارەکاندا دەکرێ. بێگومان قازانجی ئەو جۆرە کارو پرۆژانە بۆ خەڵکو دوارۆژی کوردستانیش زۆر زیاترە لە دروستکردنی کۆشکو تەلارو هوتێلو چێشتخانە لە شارەکاندا. بێگومان هەر کاتێک ئەو نەخشەیە جێبەجێکرا ئەوا جوانکردنو پێشخستنی شارەکانیش ئاسانتر دەبێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

حەق وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەخشەی دروستکردنی چەندین بەنداوو پرۆژەی ئاودێری لەسەر هەردوو زێی گەورەو بچوک دابنێو ئەو دەشتە بەپیتو بەرەکەتانەی نێوان ئەو دوو زێیەی پێ ئاودێر بکا. با چیتر ئەو ئاوە پاکەی کوردستان بەخۆرایی‌و بێ سوود لێ وەرگرتن بەرەو بیابانەکانی خوارووی عێراق بەرەڵا نەکرێن. با سوود لەو سەرچاوە سروشتییە وەرگرینو نەخشەیەکی ستراتیجی باشی بۆ دارێژین. حەق وایە ئەم تەوەرە ببێ بە ستراتیجی ئابووری حکومەتی هەرێم بۆ چەند ساڵی داهاتوو، هەوڵ بدرێ هەمو پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێو بەشێوەیەکی سیستەماتیک جێبەجێ بکرێن. بەمەش ئابووری کوردستان دەبوژێتەوەو شێوەیەک لە ئەمنی خۆراکی دابین دەبێ. هەروەها ئەو ئەرکو قورساییە زۆرەی کە لەسەر شارەکاندایە کەمتر دەبێتەوەو بواری گەشەکردن لە شارەکانیش زیاتر دەبێ.

نابێ هەلومەرجی سەختی چەند ساڵی رابوردوو بکرێ بە بیانوو بۆ پاساودانی ئەم پاشا گەردانییەی کە ئەمرۆ لە نەخشەدانانو جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا لە کوردستان بەدی دەکرێ. ئەو نەخشەو پلانانەی جارانیش بواری جێبەجێکردنیان نەبوو ئێستا دەتوانرێ جێبەجێ بکرێن. نەبوونی نەخشەی ستراتیجی لەم بوارەدا بۆ ئێستاو دوارۆژی کوردستان زۆر ترسناکە. ئەگەر ئەمە نەکرێ ئەوا حەقمانە بڵێین ئەو لێپرسراوانە یان هەست بە لێپرسراویەتیی بەرامبەر دوارۆژی کوردستانو گەلەکەیان ناکەن، یاخود نەزانیی خۆ بە زانا زانن!

شۆرش حاجی
لە 2007/3/2
لەندەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.